بڕۆ سەیری بکە، چونکە بەهۆی ئەوەوە تەبایی وخۆشەویستی لە نێوانتان دروست دەبێت

لە موغیرەی کوڕی شوعبەوە دەڵێت: هاتم بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- قسەم لەگەڵیدا کرد سەبارەت بە ئافرەتێک کە دەمەوێت مارەی بکەم، فەرمووی: «بڕۆ سەیری بکە، چونکە بەهۆی ئەوەوە تەبایی وخۆشەویستی لە نێوانتان دروست دەبێت»، چووم (بۆ داواکردنی) ئافرەتێک لە ئەنسارِ، و(خوازبێنیم) کرد لە ڕێگای باوک ودایکیەوە، وقسەکەی پێغەمبەرم بۆیان باسکرد -صلى الله عليه وسلم-، وا دیار بوو حەزیان لەو قسەیە نەکرد، ئافرەتەکە ئەو قسانەی بیست، ولە نێو ژوورەکەی خۆی بوو، ووتی: ئەگەر پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێکردوویت کە سەیر بکەیت، سەیر بکە، ئەگەر نا سوێندت دەدەم کە سەیرم نەکەیت، وەکو ئەوە وابێت ئەم مەسەلەی بە گەورە دانا، منیش سەیرم کرد وهاوسەرگیریم لەگەڵیدا کرد، باسی (ئەوەی کرد چۆن گونجان لەگەڵ یەکتر (بەهۆی ئەم بینینەوە.

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی سونەتە -موستەحەبە- کە پیاو سەیری ئەو ئافرەتە بکات کە دەیەوێت مارەی بکات، وئەمیش نزیکترە بۆئەوەی پێکەوە بگونجێن وتەبایی ڕووبدات لە نێوانیان، بۆیە بە زانینەوە هاوسەرگیری لەگەڵیدا کردووە، ولە پاش ئەمە زۆر جار پەشیمانی ڕووندات، بۆیە موغیرە -ڕەزای خوای لێبێت- ڕاوێژی بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد سەبارەت بە مارەکردنی ئافرەتێک؛ ئەویش فەرمانی پێیکرد کە سەیری بکات بۆئەوەی دڵنیا بێت لەوەی ئایا پێکەوە دەگونجێن. وئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی واجبە لەسەر مسوڵمان ئەوەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێکردووە قبوڵی بکات بە بێ هیچ گومان ودوو دڵی وجەخاڵەت بوونێک؛ چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تەنها فەرمان بە خێر وچاکە دەکات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58062